# خانەی چاودێری بەساڵاچوان
# تەمبەڵ خانەیە یان دەزگایەکی خزمەتگوزاری کۆمەڵایەتی؟

ژنێکی بەساڵاچوو:

## سێ کوڕم هەیە خوزگە هەر سێیان کچ بوان!

پیاوێکی بەساڵاچوو:

## کەس لەگرفتەکانی من ناگات!

بەڕێوبەری خانە:

## ئامانجی ئێمە گەڕانەوەی بەساڵاچووەکانە بۆ ناو خێزانەکانیان

کورد دەڵێ(پیری وهەزار عـەیب) هەروەها(خۆزگە مردن هەبووایە بەڵام پیری نا).. پرۆسەی بەساڵاچوون یەکێکە لە پرۆسە سروشتییەکانی ژیانی مرۆڤە، توێژینەوەکانیش ئەوەیان سەلماندوە کە ڕێژەی بەساڵاچووان لە وڵاتە تازە پێگەیشتووەکاندا بەرز دەبێتەوە، ئیدی هۆکارەکانی بەرزبوونەوەی ئەم ڕێژەیە لەم بابەتەدا جێگای نابێتەوە.

کۆمـەڵگەی ئێـمـە خۆی بە مـوسـڵـمـان دادەنێت، گـوایا ئێـمـە مـیـهـر و سـۆزمـان بۆ دایک و باوک وکەسـوکـارە بەساڵاچووەکانمان هەیە.

– بەڵام... ئایا هەر هەموومان واین؟

–ئایا ئەگەر کەسێک لەم وڵاتەدا پیر بوو وکەسووکاری بەخۆیانەوە نەگرت، هیچ لایەنێک هەیە ئاوڕی لێبداتەوە؟

–تۆ بلـێی کـەسی بەسـاڵاچوو توانای هیچ کـارێکی وای تیـادا نەمـابێت کـە هەست بە سوودمەندیی خۆی بکات؟

–ئەدی کەسمان هەیە لە زمان و پێداویستییە دەروونییەکانی ئەوان بگا؟

زۆر جـار دەڵێین مـرۆڤ کـە پیـر بوو وەکـو منداڵ دڵی ناسک دەبێـتـەوە ئەدی بەسـاڵاچوو لە کـۆمـەڵگەی ئێـمـەدا کـەسی هەیە ئەو نازەی هەڵگرێت بۆ وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارانە.. ئەم ڕیپۆرتاژەمان سازدا

ڕ: بێگەرد حوسێن



لە ساڵی(١٩٧٩)وە خانەی چاودێری بەساڵاچووان لە هەولێر دامەزراوە، ئەمڕۆ وەزارەتی کارو کاروباری کۆمەڵایەتی سەرپەرشتی دەکات، خانەکە بریتییە لە دوو بەش بۆ بەساڵاچووان(ئافرەتان-پیاوان) ٣٨بەساڵاچوو(٢٢پیاو-١٦ژن) لەلایەن٦تۆیژەری کۆمەڵایەتی و بەڕێوبەرێک لە ژێر کاری خزمەتگوزاری و چاودێریدان.

**خاڵە(محەمەد) ماوەی چوار ساڵە لەو خانەیەدا ژیان بەسەر دەبات دەڵێ:**

لێرە کەس لە ژیانی من ناگات، ئەو بەساڵاچووانە زۆر قسەم لەگەڵ ناکەن چونکە ئەوان نازانن من چیدەڵێم، داواکاریم هەیە کە ئەوەی لە رووی دەروونییەوە تەواو نییە، لەگەڵ ئاقڵەکان لێک جودا بکرێنەوە، من خاوەنی ٨منداڵ بووم ٤منداڵم لە ژیاندا ماون، ناوە ناوە دەمبەنەوە ماڵەوە و دوایی خۆشم دەگەڕێمەوە ئێرە، هاتنی من بۆ ئێرە ئەوەیە دەمەوێت ئاگام لە کێشەی ماڵ و بارقورسی خۆم نەبێت، لێرە ئاسوودە دەژیم.

**هەروەها پورە(سافیە) ماوەی ٣مانگ بوو هاتبووە ئەو خانەیە و گوتی:**

من خاوەنی دوو کوڕ و دووکچ بووم ئێستا کوڕێکم مردووە، لەلای ئەو کوڕەم بووم، زۆر حەزم دەکرد لای کچەکانم یان کوڕەکانم بام بەڵام نەیانهێشت، منداڵی کچەکەم گوتیان بڕۆ بۆ خانەی بەساڵاچووان، منیش هاتمە سەر شەقام و هانام بۆ ئۆتۆمبێلێکی هاتووچۆ برد ئەوانیش منیان هێنایە ئێرە و لە جیاتی کەس وکاریشم ئیمزایان بۆکردم، کاتێ دەچوومە ماڵی کوڕوکچەکانم دەریان دەکردم و هەڵیاندەدامە دەرەوە، ئەوەیان لەیاد چووبوو کە من ئەوانم گەیاندۆتە ئەو رۆژە و لەناو سکی مندا گەورە بوون، ئەمڕۆ پیری لەمنە بەیانیش لەوان.

**هەروەها پوورە(نارنج)یش دووساڵ لەو خانەیە بوو باسی لە ژیانی خۆی کرد چەندین خەم لە دڵیا بوو.**

من سێ کوڕم هەیە وکچم نییە خۆزگە ئەو سێ کوڕە کچبان، کاتێ هاتمە ئێرە لەبەر ژیانی کۆڵەمەرگی خۆم هاتم، لە ماڵەوە زۆر لەگەڵم خەراپ بوون و کوڕ و بووکەکانم ژیانیان تاڵ کردم، دوایی لە رێگەی ژنێکی دراوسێمانەوە هاتم بۆ ئێرە و زۆر لێی مەمنوونم کە منی رزگار کرد لە چنگی کوڕەکانم کاتێ ئەو منداڵانەم گەورەکرد منیش وەکو هەموو دایکێک ئازارم پێوە دیتوون، بەڵام نازانم چۆن دەتوانن کە دایکی خۆیان نەوێی و لێی نەپرسنەوە.

**پورە(جەواهیر)یش ماوەی ٣ساڵ و ٤مانگ بوو لەو خانەیەدا دەژیا ئەویش وەکو گشت بەساڵاچووەکان بە چەندین خەمەوە گرفتار ببوو پێی گوتین:** دوو کچم هەیە و ئێستا مێردیان کردووە، زۆر حەز دەکەم لەلای کچە بچووکەکەم ژیان بەسەر بەرم بەڵام زاواکەم نەیهێشت، لێرە هیچ کەموکورتییەکمان نییە، بەڵام لە ناخمدا هەست بە غەریبی و بێکەسی دەکەم، خۆزگە دەخوازم کە کچەکانم چاوێکی بەسۆز بەمندا بخشێننەوە چونکە خۆشەویستی دایک زۆر گەورەیە و بەو ئاسانییە ناتوانێ لە بیر بکرێت وەکو کچەکانی من لە یادیان کردووم.

**پورە(فەخریە)گوتی:** من خاوەنی کەس وکار نیم خۆم بەبێ کەس دەزانم، سەرباری ئەوەی دووکچ و کوڕێکیشم هەیە، نەڵام لێدەکەنەوە نەبەخێوم دەکەن، کوڕەکان لە ترسی ژنەکانیان وکچەکانیش لەبەرماڵ و مێرد منیان لەبیر کردووە، ئەوەی ئێستا من شکی دەبەم ئێرەیە کە بۆتە ماڵێکی خۆشەویستی بۆ ئێمە، هاوسەرەکەم زۆر بەتەمەن ببوو ئێستا نەماوە، برایەکی پیاوەکەم منی هێنایە ئێرە.

**تریفەش کچێکی کەم ئەندامی بێ دایک وباوک بوو** لە خانەی چاودێری بەساڵاچووان ژیانی بەسەر دەبرد، تریفە نەیدەتوانی قسە بکات یاخود هەستێ و هەنگاوەکانی بنێ بەرەو لای ئێمە چونکە لە سکماکدا تەواو نەبوو، هەر لە دوای مردنی باوک ودایکی لەوخانەیە ئافرەتێکی گەنج بەخێوی دەکات.

**تائیف ئەحمەد خالید، بەڕێوەبەری خانەی چاودێری گوتی:** لە خانەی چاودێری بەساڵاچووان هەموو خزمەتگوزارییەکانمان بۆ دابین کردوون وەکو بواری تەندروستی و ئابووری و کۆمەڵایەتی هەروەها لە رووی خۆراکیشەوە درێغی ناکەین، ئامانجی ئێمە ئەوەیە کە ئەو بەساڵاچووانەی دێنە ئێرە یاخود لێرەن بیانگەڕێنینەوە ناو خێزانەکانیان، هەوڵماندداوە کێشەکانیان چارەسەر بکەین، ئەوەی کێشەی لەگەڵ کوڕ یاخود کەس وکاری دا بۆ درووست بووە قەناعەتیان پێ بکەین و ئەو بە ساڵاچووە بگەڕێنینەوە تا لە تەبایی و خۆشەویستی خێزانەکەیدا بژیت، ئەوەی لێرە وەردەگیرێ هەر لێرە بێ و ئەوانە بەسێ مەرج وەردەگیرێ، یەکەمیان دەبێت تەمەنی پیاو لە ٦٠ساڵ کەمتر نەبێ هی ئافرەتیش لە ٥٥ساڵ، دووەمیش دانیشتووی هەرێمی کوردستان بێت، سێیەمیش دووربێ لە نەخۆشییە گوازراوەکان یاخود چاودێری هەمیشەیی بە پزیشک نەبێت، ئەوەی لێرەش وەردەگیرێ ژوور و هەموو پێداویستییەکیان بۆ دابین دەکەین، ئەوەی بیەوێت سەردانی کەس وکاری بکات ئێمە مۆڵەتی









دەدەینێ و کە درەنگ گەڕایەوە ئێمە بە دوایدا دەچین و لە نەگەڕانەوەی دەکۆڵینەوە.

**(ئامانج عومەر) توێژەری کومەلایەتی لە خانەی چاودێری بەساڵاچووان گوتی:** ئێمە چەند توێژەرێکی کۆمەڵایەتین، هەموو ڕۆژێک سەردانی بەساڵاچووەکان دەکەین بۆ ئەوەی بزانین لەڕووی تەندروستی و دەروونییەوە چۆنن، لێرە بەشی فریاکەوتنمان هەیە کە چارەسەریان بۆ بکەین، ئێمە دەمانەوێ جێگەی کوڕ وکچیان بۆ پڕ بکەینەوە، هەر چەند ئەستەمە وهیچ کەسێک ناتوانێ جێگای کەس وکاری خۆت بگرێتەوە، زۆربەیان دڵیان وەکو منداڵی لێهاتووە وزۆربەشیان خوێندەواریان نییە، ئەوەی لێرە گرفتی هەبێ سەردانی کەس وکاری یاخود ئەو ماڵەی کە لێی هاتووە دەکەین، بۆ ئەوەی بتوانین بیگەڕێنینەوە ناو خێزانی، چونکە گەڕانەوە ئامانجی ئێمەیە، زۆر لە خێزانەکان پێیان ناخۆشە سەردانیان بکەین. یاخود شەرم دەکەن لێرە سەردانیان بکەین، زۆربەی جار کە بەساڵاچوویەک دەهێننە ئێرە ناڵێن ئەوە باوکمانە یاخود دایک دەڵێن بێگانەیە و هەڵمانگرتووەتەوە و بەخێر هێناومان بۆ ئێرە، دوایش کە بەدواداچوون دەکەین برای یاخود کوڕی دەردەچێت وشەرم دەکات بڵێ باوکمە.

هەڵبەت ئامانجی گەڕانەوەی بەساڵاچووەکان بۆ باوەشی خانەوادەکانی خۆیان ئامانجێکی بەرز و مرۆڤانەیە، بەڵام لە ولاتانی دونیا ئەم خانەیە بە تەمبەڵ خانە ناو نابرێت بگرە عەیبە نییە گەر کەسێک کەسێکی بەساڵاچووی لە کەس وکاری خۆی بۆ ئەو شوێنە برد، هۆکارەکەشی ئەوەیە لەو شوێنانە بواری چەندین وردەکار و چالاکیان بۆ دەڕخسێت کەوایان لێبکات ئەوان هەست بەوە بکەن، کە هێشتا توانای ئەوەیان ماوە نەبن بەبار ومرۆڤی سوودمەندبن لە کۆمەڵگاکەی خۆیان.. لەوانەشە ئەو خزمەتگوزارییە تەندروستییەی لەوێ پێشکەشیان دەکرێت لەماڵەکانی خۆیان نەبێت وێڕای ئەوەی لە خانەی بەساڵاچوان، بەساڵاچووەکان دەبن بە هاوڕێی یەکتر ونازی یەکتر هەڵدەگرن پێویستیان بەوە نییە ئەم و ئەو منەتیان بەسەردا بکەن.

خۆزگە خانەی بەساڵاچوان لای ئێمەش گرنگی بەو خاڵە بدات ونەترسن لەوەی ژمارەی بەساڵاچووەکانی ئەوێ زیاتر بێت و پاشان نەتوانن خزمەتیان بکەن!

ئەگینا خانەکە نەک تەنیا بۆ بە ساڵاچوان، بگرە بۆ کارمەندەکانیش دەبێت بە تەمبەڵ خانە!